چیرۆکی وەرگەڕاو

# سایبی

شیجا ناویا

و: حوسێن عەلی

**ئەمە چیرۆکی منداڵێکی بچووکە ناوی «سایبی»یە و بەری ئەو کولەکەیەی کە کۆی دەکردەوە. پاشان سایبی وازی لە گۆێدان بەکولەکەی هێنا و، شتێکی تری دۆزییەوە بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە، دەستی دایە تابلۆکێشانی چەور و ئەوەندەی پێ نەچوو دیتی کە سەرقاڵی وێنە رۆنییەکانیەتی، هەروەک چۆن لەوەوپێش خەریکی بەرهەمی کولەکە بوو.**




دایک و باوکی بەتەواوی دەیانزانی زۆر جار بۆ کڕینی بەرهەمی کولەکە دەچێتە دەرەوە. بەرامبەر چەند یەنێکی دیاریکراو دەیکڕێ، تاوەکو کۆمەڵێکی گەورەی کۆ کردەوە و کاتێک دەگاتە ماڵەوە یەکەم جار کونێکی ورد دەکاتە سەرووی کولەکەکە، و بەئاگاییەوە تۆوەکەی لە نێوی دەردێنێ، دواجار و بۆ ئەوەی لە بۆنە ناخۆشەکەی رزگاری بێت بەگەڵای چا پڕی دەکاتەوە پاش ئەوە مەی ساکی دێنێ کە لە بەرماوەی بادەکانی باوکی پاشەکەوتی کردووە، و بە ئاگاییەکی زۆرەوە دەست بە رەنگکردنی رووکەشی کولەکەکە دەکات.

سایبی بە رادەیەکی گەورە گوێی دەدایە

بەروبوومی کولەکە. ڕۆژێکیان لە کاتێکدا لەسەر کەنار دەگەڕا سەرقاڵی بیرکردنەوەی بابەتی کاریگەریی بوو کە کولەکەیە، بەرامبەر دیمەنێکی نائاسایی سڵەمییەوە، ڕووتانەوەیەک لاکێشەیی پیاوێکی بە ساڵاچوو سەرنجی ڕاکێشا، کە لە کەپرێک لەسەر کەنارەکە هاتە دەرەوە.

سایبی گوتی: «بەری ئەو کولەکەیە چەند نایابە!» بە لە قاندنی تەپڵە سەرە ڕووتاوەکەی پیاوە بەساڵاچووەکە لە بەرچاو ون بوو.

ئەو کات سایبی تێگەیشت لە لێکدانەوەی ئەوەی دیتی هەڵەی کرد، لەوێ وێستا و بە دەنگێکی بەرز بە خۆی پێ کەنی. و بەڕێوە تاوەکو ماڵەوە پێ دەکەنی.

هەرچەندە سایبی بە بەر دووکانی سەوزەفرۆش، یاخۆ حەڵواچی، یان لە ڕاستیدا هەر دووکانی سەوزەفرۆشێک کولەکە بفرۆشێ ڕاببووردایە، بۆ چەند خولەکێک ڕادەوەستا و چاوی دەبڕییە ڕوکاری دووکانەکە و ئەم بەرهەمە گرانبەهایەی دەنرخاند.

سایبی دوانزە ساڵانە و، هێشتا وەکو لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، دوای تەواوبوونی خوێندن لە جیاتی یاریکردن لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بەئاسایی لە شارەکەدا دەست بەگەڕان بە دووی بەرهەمی کولەکەدا دەکات.

شەویش بەچوارمەشقی لە سوچێکی ژوورەکەدا دادەنیشێ خۆی بەبەرهەمی ئەو کولەکانەی دواجار هێناونی خەریک دەکات. کە لەوە دەبێتەوە هەندێک لە ساکی پێدا دەکات، و تەپەدۆرێک کە خۆی دروستی کردووە بەخاولییەکەوە بەستراوە دەخاتە نێو کولەکەکە، و دەیخاتە نێو قوتوویەک، کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستەی هەڵگرتبوو. دوای ئەوە ئەم شتانە دەخاتە سەر پاڵپشتە بچووکەکە بۆ ئەوەی پشکۆی خەڵووزەکە، هەردوو پێی گەرم بکاتەوە، پاشان دەچێتە سەر خەوگەکەی.

هەر کە ڕۆژی دوایی لە خەو هەستا، یەکسەر قوتووەکە دەکاتەوە بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە. ئەوکات لە ئەنجامی چارەسەرکردنەکە پێستی کولەکەکە تەواو شێدار دەبێت. ئەوکات پێش ئەوەی دەزوویەک بە ناوەڕاست کولەکەکەوە ببەستێ، و بە بەرهەتاوەکەدا هەڵیواسێ بۆ ئەوەی وشک بێتەوە بەشەیداییەوە چاو دەبڕێتە سامانەکەی، پاشان بۆ قوتابخانە دەچێت.

سایبی لە شارێکی کەنار دەریا دەژیا. سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسا شارێکی گەورەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە ماوەی بیست خولەکدا ئەمسەر و ئەوسەری بکات، سایبی بە ڕێگەکانیدا هاتوچۆی دەکرد، لەبەر ئەوە شارەزای هەموو ئەو شوێنانە بوو کە کولەکەیان

دەفرۆشت، ئاگاداری چۆنیەتی هەموو بەرهەمی کولەکەی بازاڕەکە بوو. سایبی ئاوڕی لە کولەکەی کۆنی لوولی شێوە جیاواز نەدەدایەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی کۆکەرەوەی بەری کولەکە بە چاکتریان دەزانی، ئەو جۆرەی کە ئەو بە دڵیەتی جۆری ساف و لووس و رازاوەیە.

هاوڕییەکی باوکی سایبی کە بەسەردانێکی کورت هات بۆ لای پێی گوت: «وەک دیارە، ئەم کوڕەت. تەنیا بەری کولەکەی خۆش دەوێت». ئەمەی گوت و ئاماژەی بۆ منداڵەکە کرد کە لە سوچێکدا دانیشتبوو بەرەنگکردنی بەری کولەکەیەکی خڕی ساف و لووسەوە خەریک بوو.

باوکی سایبی کە بەبێ هیوایی دەیڕوانییە منداڵەکەی وەڵامی دایەوە: «بیر لەوە بکەرەوە منداڵێک کاتی خۆی بەکاری سوود بەبەری کولەکە بەم شێوەیە بەسەر دەبات!».

هاوڕێکەی گوتی: «ئەی کوڕی بچووکم سایبی گوێ بگرە، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەم شتانە هەمیشە بێ کەڵکە. وەک دەزانی زۆر شتیش بایەخدار نییە، و ئەوەی لەسەرتە یەک دوو کولەکەی نائاسایی بدۆزیتەوە».

سایبی باسەکەی کۆتایی پێ هێنا و گوتی: من ئەم جۆرەم لا پەسندترە. باوکی سایبی و هاوڕێکەی دەستیان کرد بە باسکردنی کولەکە. باوکی گوتی: ئایا ئەو کولەکەیەی کە لە جۆری «باکین» بوو لە پێشانگەی کشتوکاڵی بەهاری رابردوودا پیشان درا لە یاد نەکردووە؟ بە راستی جوان بوو، وا نییە؟.

ـ بەڵێ لە یادمە، درێژە کەتەکە...

لە کاتێکدا سایبی گوێی لە قسەکانیان دەبوو، لە بەرخۆیەوە دەخەنی. کولەکەکەی «باکین» لەو کاتەدا ژاوەژاوێکی گەورەی دروست کرد، بەڵام کاتێک سایبی چوو بیبینێ «هەڵبەت هیچی دەربارەی شاعیری گەورە باکین نەدەزانی» دیتی شتێکی شێوە هیچوپووچە، یەکسەر لە پێشانگاکە چووە دەرەوە.

سایبی قسەکەی بڕین: بەدانانی بەسەر سرهێنەر نەمرۆانییە ئەو کولەکەیە، تەنیا لە شتێکی شێوە نامۆ و کەتە زیاتر نییە.

لە تووڕەیی و واق وڕمان باوکی هەردوو چاوی فراوان بوون و هاواری بەسەر منداڵەکەدا کرد: ئەمە چییە؟ کاتێک نازانی باسی لێوە بکەیت باشتر وایە بێدەنگ بیت.

سایبی یەک وشەی تری نەگوت.

ڕۆژێکیان، کاتێک سایبی بەیەکێک لە شەقامە نائاوەدانەکەی پشتەوەدا دەڕۆیشت بەڕێککەوت چاوی کەوت بە پیرەژنێک کە لە لا دووکانێکدا بوو بەری سێپەڕە و پرتەقاڵی وشککراوەی دەفرۆشت لەو کاتەدا لە پشت لا دووکانەکەدا کۆمەڵێکی گەورە لە بەری کولەکەی هەڵواسیبوو.

سایبی یەکسەر بۆ پشت لا دووکانەکە دەرپەڕی بۆ ئەوەی کولەکەکە تاقی بکاتەوە و پرسیاری کرد: «ئایا دەتوانم تەماشای بکەم؟» و لە پڕ بەری کولەکەیەک کە درێژییەکەی پێنج ئینچ دەبوو و لە یەکەم تێڕوانینەوە ئاسایی دیاربوو سەرنجی ڕاکێشا. تەنیا شتێکی تێدابوو هانی خێرایی لێدانی دڵی سایبی دا.

بەهەناسەبڕکێ سایبی پرسیاری کرد: «ئەمە بەچەندە»،

پیرەژنەکە وەڵامی دایەوە: «باشە، لەبەرئەوەی تۆ منداڵێکی بچووکی بەپێنج ین دەتدەمێ»

سایبی بەپەلە گوتی: «لەم بارودۆخەی ئێستادا تکات لێ دەکەم بۆم دابنێ، دەچم پارەکەت بۆ دێنم»

بۆ ماڵەوە دەرپەڕی، و بۆ دووکانەکە گەڕایەوە. بەری کولەکەی کڕی و بۆ ماڵەوەی بردەوە.

لەو کاتەوە سایبی کولەکە تازەکەی جێ نەدەهێشت، لەگەڵ خۆی بۆ قوتابخانەی دەبرد و ڕاهات لە کاتی خوێندندا لە ژێر تەختەکەی ڕەنگی بکات. ئەوەندەی نەبرد و لەکاتێکدا سایبی بەو کارە هەڵدەستا مامۆستایەک گرتی و بەشێوەیەکی تایبەتی تووڕە بوو، چونکە ئەمە لە وانەی زانستی ڕەوشتدا رووی دا.

ئەم مامۆستایە لە بەشێکی تری ژاپۆنەوە هاتووە و وا دەبینێ کە کاری خۆخەریککردنی منداڵان بەڕابواردنێکی بێ بایەخ وەک کۆکردنەوەی کولەکە شتێکی زۆر بۆگەنە. وە هەمیشە بەبیانووی بەرگری لە نەریتی باوی «سامۆرای» دەکرد، و کە «کیومیون»ی حیکایەتخوانی بە ناوبانگ لە گەشتێکدا هات و شیعرەکانی «نانوابوشی» و مێژووی ژیانی سەردەمە کۆنەکانی خوێندەوە، هەموو ئەو ئاهەنگانەی «کیومیون» لەگۆڕەپانی ئاهەنگەکاندا پێشکیشی کردن ئامادەبوو . سەرەڕای ئەوەی بەئاسایی خۆی ماندوو نەدەکرد بۆ ئەوەی پێ لەسەر گۆڕەپانی ئاهەنگەکان دابنێ. ئەم مامۆستایە هیچ مەترسییەک لەوەدا نابینێ قوتابییەکانی قەسیدەکانی «نایناوا» کە ڕێز لە نەریتی پاڵەوانە کۆنەکان لێ دەنێ بچڕن، گەرچی ئەوە بە دەنگێکی نووساویش بێت و ئیستا کاتێک سایبی دێت بە بێدەنگی بەری کولەکەکەی ڕەنگ دەکات لە ڕادەبەدەری تووڕەیی دەنگی دەلەرییەوە.

هاواری بەسەردا کرد: «تۆ منداڵێکی گێلی! هیچ دوارۆژێک چاوەڕوانی منداڵێکی لە جۆری تۆ ناکات». دوای ئەوە دەستی گرت بەسەر بەری ئەو کولەکەیەی کە سایبی ماوەیەکی زۆرە کاری تێدا دەکات. بێ ئەوەی بگری سایبی راست چاوی لە مامۆستاکەی زەق کردەوە.

کاتێک سایبی بۆ ماڵەوە گەڕایەوە رەنگی روخساری پەڕی بوو. بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات. پێی خستە سەرپاڵپشتی گەرمکەرەوەکە و خەیاڵاوی سەیری دیوارەکەی دەکرد.

پاش کەمێک مامۆستاکەی سایبی گەیشتە ماڵی سایبی. و لەبەرئەوەی هێشتا باوکی لە کارگەی دارتاشییەکە کە کاری تێدا دەکات نەگەڕابووەوە. هەموو تووڕەیی و هێرشێکی کردە سەر دایکی سایبی.

بەدەنگێکی تیژ گوتی: ئەم جۆرە رەفتارانە خێزان لێی بەرپرسە، فرمانی دایک و باوکە و لە سەریانە چاودێری روونەدانی ئەم جۆرە کارانە بکەن.

دایکی سایبی بۆڵاندی و بەهەستێکی بە ئازار و شڵەژان داوای لێبووردنی کرد.

لەو کاتەدا سایبی هەوڵی دەدا لە گۆشەکە خۆی بشارێتەوە. مامۆستا رقاوییەکەی بە ترسەوە یەکسەر روانییە ریزێکی تەواوی کولەکە هەڵواسراو و ئامادەکراوەکەی. دەشێ چی ڕوو بدات ئەگەر مامۆستاکە ئەم کولەکەیەی بدیتبایە؟

لە کاتێکدا ناخی لە ترساندا دەلەرزێ، بەردەوام چاوەڕێی لەوە خراپتری دەکرد. لە کۆتاییدا مامۆستاکە هەموو ئاخاوتنەکەی تەواو کرد و بەتووڕەیییەوە ماڵەکەی جێ هێشت و لە رادەبەدەری بێزاریدا پێی بە زەویدا دەکێشا. سایبی هەناسەیەکی حەوانەوەی هەڵکێشا. دایکی سایبی دەینالاند و بە سکاڵا و ناڵەوە سەرزەنشتی دەکرد. لەو کاتەدا باوکی بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، و هەر کە گوێبیستی رووداوەکە بوو، یەخەی کوڕەکەی گرت و زۆری لێ دا، و هاواری بەسەردا کرد: تۆ منداڵێکی خراپیت، و لەم جیهانەدا ناگەیتە هیچ پلەیەک. نیازێکی راستەقینەم هەیە فڕێت بدەمە دەرەوە، بۆ سەر شەقامەکە، کە شوێنی خۆتە. بەری کولەکە هەڵواسراوی دیوارەکە سەرنجی راکیشا، چەکوشەکەی هەڵگرت، وبێ ئەوەی وشەیەک بڵێت، یەک لە دوای یەک دەیخستە خوارەوە و دەیکردنە پارچەپارچەی بچووک، روخساری سایبی پەڕی، بەڵام هیچی نەگوت. رۆژی دوایی: مامۆستاکە ئەو بەری کولەکەیەی سایبی کە دەستی بەسەردا گرت دایە دەرگەوانێکی پیرە کە لە قوتابخانەکە کارمەند بوو. هەروەک شتێکی پیس هەڵگرێت گوتی: «ئەمە بگرە». دەرگەوانەکە بەرەکەی بۆ ماڵەوە بردەوە، و بەسەر دیواری ژووری تاریکەکەیدا هەڵیواسی.

پاش رابووردنی دوو مانگ دەرگەوانەکە هەستی کرد لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە پارە هەیە، بڕیاری دا بەری کولەکەکە بۆ دووکانی دەگمەنفرۆشی بەرێت، بەڵکو چەند پارچە دراوێکی لە سایەدا دەستکەوێ. فرۆشیارەکە بەدیقەت روانییە بەری کولەکەکە، خۆی وا پیشان دا کە زۆر بەتەنگیەوە نایەت، و دایەوە دەست دەرگەوانەکە:«لەوانەیە بۆ نرخەکەی پێنج یەنت بدەمێ».

دەرگەوانەکە سەرسام و کاس بوو واقی وڕما، بەڵام لەبەرئەوەی پیرێکی بلیمەت بوو بەساردییەکەوە وەڵامی دایەوە:«بێگومان لە پێناو ئەم بڕە پارە کەمەدا دەستبەرداری نابم» یەکسەر نرخەکەی بۆ دە یەن بەرز کردەوە. بەڵام هێشتا دەرگەوانەکە توند بوو.

لە کۆتاییدا بازرگانەکە ناچار بوو پەنجا یەن بەنرخی کولەکەکە بدات. دەرگەوانەکە بە بەختیارییەوە دووکانەکەی جێ هێشت. ئاسایی نییە کە مامۆستاکان دیارییەکی خۆڕایی نرخەکەی بگاتە مووچەی ساڵانێکی زۆر بدەنە کەس. دەرگەوانەکە ئەوەندە زیرەک بوو کە ئەمەی لای هیچ کەس باس نەکرد. نە سایبی و نە مامۆستاکە نەیانزانی کولەکەکە چی بەسەرهات. بەڵێ زیرەک بوو، بەڵام بە رادەیەکی تەواو زیرەک نەبوو، بە بیریدا نەهات کە ئەم بازرگانە بەری کولەکەکە بە کۆکەرەوەیەکی کولەکەی دەوڵەمەند لە ناوچەکەدا بە شەش سەد یەن دەفرۆشێت.

ئێستا سایبی سەرقاڵی تابلۆ چەورەکانیەتی، هیچ هەستێکی بە ئازاری بەرامبەر مامۆستاکەی و باوکی نییە، کە هەموو کولەکە بە نرخەکانی کردە پارچەپارچەی بچووک.

بەڵام لەبەرئەوەی سەرقاڵی وێنە چەورەکانە باوکی بەشێنەیی دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی.

تێبینی:

شیجا ناویا ساڵی ١٨٨٣ لە خێزانێکی سەر بەچینی بەرزی کۆمەڵەی ژاپۆنی لە دایک بووە و بە یەکێک لە دوو گەورە نووسەری سەردەمی «میجی» دەژمێردرێت کە تا ساڵی ١٩٦٢ ژیان. ساڵ ١٩٠٦ قوتابخانەی تەواو کرد و چووە بەشی وێژەیی ئینگلیزی لە زانکۆی تۆکیۆی شاهەنشاهی. بەڵام بۆ ئەوەی بەتەواوەتی خۆی بۆ ئەدەب و داهێنان تەرخان بکات وازی لە خوێندن هێنا، ساڵی ١٩٦٠ چووە نێو کۆمەڵی ئەدیبە لاوەکان، کە کۆوارێکی تایبەت بە ئەدەبی داهێنانی بڵاو دەکردەوە. ئەم چیرۆکە ساڵی ١٩١٣ کاتێک لە تەمەنی سی ساڵیدا بوو بڵاو کرایەوە.

سەرچاوە: کتێبی «الشاعر النمر» «قصص یابانیە». هیام عەبدولحەمید کردوویەتی بە عەرەبی.